# یاسای باجی گومرگیی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناو گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارە بڕیار: ٥٠**
**مێژووی بڕیار: ١٩٩٣/١٢/٢٦**

**«بڕیار»**

بەپێی حوکمی بڕگەی(١) لەماددە پەنجاو شەشی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ولەسەرپێشنیازی وەزیری دارایی وئابووری وپەسند کردنی لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی ڕۆژی ٢٦/١٢/١٩٩٣دا بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە(٢١)ی ساڵی ١٩٩٣
## یاسای باجی گومرگیی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

**مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە:**
**١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.**
**٢- وەزارەت: وەزارەتی دارایی وئابووریی هەرێم.**
**٣- وەزیر: وەزیری دارایی وئابووریی هەرێم.**
**٤- باجی گومرگی: ئەو پارەیەی لەلیستەکانی کەلوپەلەکاندا دیاری کراوە وریژەی باجە گوومرگی یەکانیان وئەو بنەما تێبینی یانەی سەبارەت بەو کەلوپەلانەی دێنە هەرێمەوە ولێ ی دەردەچن نووسراون.**
**٥- جۆری کەل وپەل: ئەو کەل وپەلانەی لە لیستەکانی باجی گومرگیی پابەندی ئەم یاسایەدا ناوبراون.**

**ماددەی دووەم:**

**باجی(ڕۆیشتوو یاهاتوو/الصادر والوارد)ی گومرگی بەپێی ئەو بڕانە(مقادیر) وەردەگیرێن کەلە لیستەکانی پاشکۆی ئەم یاسایەدا دیاری کراون.**

**ماددەی سێ یەم:**

ئەوکۆت وبەربەستانەی بەپێی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق یا ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم خراونەتە سەرهەندێ کەلوپەلی هێنراویا نێردراو هەر لە کارپێکرندا دەمێننەوە.

**ماددەی چوارەم:**

وەزارەت بۆی هەیە کارو کرداری پێویست لەبابەتی پارێزگاری(حمایە)یا بەرامبەرێتیێ (المقابلە بالمثل) بکا ئەگەر بەرژەوەندیی هەرێم بەهۆی کارەساتێکەوە کەلەیەکێ لە وولاتە بیانی یەکاندا روودەدا بکەوێتە بەر مەترسی:

أ – بۆ مەبەستی وەرگرتنی رەسم وباجی قورس لە سەر کەلوپەلەکانی هەرێم یا قەدەغەکردن یا سنووردانان بۆ هەندێ کەلوپەلی هێنراو یانێردراو.

ب- بۆ مەبەستی نزم بوونەوەی نرخی پارەی ئەو وولاتە بەشێوەیەک کەببێتە هۆی لەنگی لەپێشبرکێ ی بازرگانیی ئاساییدا تا ئەو رادەیەی بازرگانی هەرێم بخاتە مەترسی یەوە. بۆیە دەشێ پەیرەوی ئەوتۆ دەربکرێن کە کەلوپەلەکانی هەریەکێ لەو وولاتانە بخاتە ژێر رکێفی زیادکردنی باجە گومرگی یەکانەوە بەمەرجێ ئەو زیادکردنە لەدوو هەندەی ئەو باجە پتر نەبێ کە لەلیستە پاشکۆکانی ئەم یاسایەدا دیاری کراون.

**ماددەی پێنجەم:**

هەر زیاد کردن یا کەم کردنەوە یا هێشتنەوە کەبەپێی حوکمی ماددەی چوارەمی ئەم یاسایە دەکرێن دەشێ بە پەیرەو نەهێلرێن یابگۆردرێن.

**ماددەی شەشەم:**

ئەگەر بارودۆخێکی وەها هاتە پێشەوە کەحکومەتی هەرێم وا بەپێویست بزانێ بۆ بەتەنگەوە هاتنی بەرژەوەندی یە ئابووریەکانیی هەرێم سنوور بۆ هێنانی کەلوپەلێک دابنێ یا رێکی بخا ئیتر ئەگەر سەبارەت بەکۆی کەلوپەلەکە یا بەکۆی نرخی هێنانیان بێ لە هەموو سەرچاوەکانەوە یا لەهەر سەرچاوەیەکەوە ئەوا دەشێ پەیرەو دەربکرێ بۆ دیاریکردنی رادەی هەرەبەرزی کەلوپەلەکان یا نرخی ئەوەی دەتوانرێ بهێنرێ بەشێوەیەکی گشتی یا بەتایبەتی لەو وولاتە یا لەو وولاتانەوە بەپێی ئەو پەیرەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

فەرمانگەو دام ودەزگاکانی حکوومەتی و حزبەکان وکۆمەڵەکان ملکەچی ئەو باجە گومرگی یانە دەبن کەلەم یاسایەدا هەن.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزیر بۆی هەیە رێنماییی پێویست بۆ ئاسانیی جێبەجێ ی کردنی ئەم یاسایە دەربکا.

**ماددەی نۆیەم:**

کار بەهیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێ.

**ماددەی دەیەم:**

دەبێ وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی یازدەیەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا کاری پێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

Mizan AL-Adalah firm For Lawyers and Legal Consultants
M.A.L Co.